**دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە**
**ژمارە : ١٨٨ لە ٢٠١٥/٢/٣**

**بە پێی ئەحکامی بڕگەکانی یەکەم ودووەم لە ماددەی (٢) لە یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠٠٨) و ئەحکامی ماددەی (١٠) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١٠) ئەم ڕێنماییانەی خوارەوەمان دەرکرد:**

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥**
**ڕێنمایی پاراستنی ژینگە لە پیسبوون وفڕێدانی پاشماوەکان**

**ماددە (١)**

**هەرکەسێك ئەم سەرپێچیانەی خوارەوە ئەنجام بدات ، سزای پێ بژاردنی بەسەردا دەسەپێنرێت لە (١٠,٠٠٠) دە هەزار دینار کەمتر نەبێت ولە (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دینار زیاتر نەبێت :**

**١- فڕێدانی پاشماوەکان یان پاشماوەی خواردنی ماڵان لە سەر شۆستەو شەقامەکان.**

**٢- فڕێدانی پاشماوەی تاکە کەسی لە دەرگا وپەنجەرەکانی ئۆتۆمبێلەکان بە هەموو جۆرەکانی لەسەر ڕێگاوبان یاخود شەقامەکان لە کاتی ڕۆیشتن یان راوەستان .**

**٣- فڕێدانی پارچە بڕاوەکانی دار ودرەختەکان لە کاتی هەڵپاچینیان یان جێهیشتنیان لە شەقامەکان یان لە گۆڕەپانە چۆڵەکان لە گەرەگەکانی نیشتەجێبوون.**

**٤- پەرت وبڵاوکردنی ئەو پاشەڕۆیانەی کە دانراون لە شەقامەکان یان لە گۆڕەپانە گشتییەکان وکۆڵانەکان ئەگەر لە شوێنە تەرخانکراوەکان دانرابن یان نا .**

**٥- میزکردن وپیسایی کردن لە شەقامەکان یان لە ڕێگاوبان وگۆرەپانەکان وباخچە گشتییەکان لە ناو شار وشارۆچکەکان یان لە گوندەکان ، جگە لەو شوێنانەی کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکراون.**

**ماددەی (٢)**

**١- هەرکەسێك ئەم سەرپێچیانەی خوارەوە ئەنجام بدات ، سزای پێ بژاردنی بەسەردا دەسەپێنرێت لە (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت ولە (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت:**

**٢- ڕێکردنی ئەو ئۆتۆمبێلانە کە دووکەڵی (ڕەش یان شین) دەکەن تاکو چاك دەکرێنەوە .**

**٣- سووتاندنی پوش وپەڵاش لە شوێنە چۆڵەکان یان لە باخچەکان یان لە زەوییە کشتوکاڵییەکان ولەوەڕگاکان .**

**٤- فڕێدانی پاشماوە لە شوێنە گەشتیارییەکان وهاوینە هەوارەکان وناوچە شوێنەوارییەکان .**